www.kurdistannet.org

# دووپشک و چرا

حەمەسەعید حەسەن

هەمدیسان ڕەشەبای مەینەتی هەڵی کرد
خوێنەران، نووسەرێ
هەژاران، دۆستێکی هەقگۆیان
کە قەت بۆ هیچ بتێ نەهاتە سەر ئەژنۆ
لە کیس چوو.
بەر لەوەی فوو بکا بە ناخی مریەمدا و گڕی تیا بچێنێ
دەمزانی خوای توانا ڕەوانی لاوازی خۆش ناوێ.
زۆر سوپاس بۆ مەسیح
پێی گوتم دەتوانی بە چیای ئازاردا هەڵزنێی.
پێش ئەوەی قولاپی سالآنی غەریبی لە قورگی مارماسیی تەمەنم گیر ببێ
بهێڵە بە پەیژەی یاقووبدا کەڕەتێ بگەمە بنارت.
وەک هەڵۆ چنگالّت لە دڵم گیر دەکەی
ژێی تارم دەپسێنی و ڕۆشنایی ئاوەزم هەڵدەمژی.
<گەر ئینسان سەروەری سروشت با،
لە بەردەم گڕەبا و هەرەسی بەفردا،
بەرانبەر گۆلێکی هێمن و هەڵچوونی ڕووبارێ
ئەوەندە گەردنکەچ نەدەبوو.>*
خوا منی بیر ناچێ
کە ڕۆحم بۆ ئاسمان هەڵدەکشێ
لە ژان و ستەمی سەرزەمین قوتاری دەبێت و
لە کۆشی هێوری و جوانیدا دەسرەوێ.
برینی ئەم ڕێگە درێژە بە تەنیا مەحاڵە،
تاوانی مار بوو یان باجی ماچ
یەزدانی ژێهاتی ئادەمی لە بەهەشت دەرپەڕاند؟
ڕەشەبای بیابان: خەزانی گەلآی سەوز،
کوشتنی تروسکەی سەرچاوە،
ئەهریمەن: فریشتەی سەرەڕۆ.
لایەنی گەشی تۆ، زادەی ترس
بوێری، هەوێنی خەوشی من.
گەرەکمە بە مێوی مەرگەوە، هێشوویە ژیان بم.

www.kurdistannet.org

یەکدیتان خۆش بوێ!
وشەی جوان هەژاران تێر ناکا
برسی چۆن بتوانێ زۆرداری خۆش بوێ!
مۆڵەتیان نەدامێ پەشیمان ببمەوە
کامیان زۆر پۆخڵ بوو، ئەو یەکەم بەردی بۆ هاویشتم.
هزرین و پەیڤینم یەکێکن
چەند شەرمە ئافرەتێ هانای بۆ هێنابی
رێ بدەی ئەتکی کەن.
چەند سەختە کردنەوەی دەروازەی تەلاری نیشتمان بە سیمای نەیاردا.
رزگاریی نیشتمان مەحاڵە
گەر گیانمان لە پیسی رزگاری نەبووبێ.
هەر کەسێ لە رێی راست لا بدا، میوانی دۆزەخە.
ئەی ناشێ ئەوی تۆ بە گوڵی دەزانی، لە کن ئەز چقڵ بێ!
دەمزانی رەوانم رۆژێ وەک پەپوولە هەڵدەفرێ
هەنووکە بە جادووی ئەوینت  لەشم سووک
وەک جەستەی پەروانە.
گەر هێندەت خۆش دەوێم، بۆ سەبرم لێ ناکەی
وەک دایک چۆن ئارام  دەگرێ تا منداڵی  پێدەگا؟
بەس رۆڵی دایکێکی دلۆڤان ببینە
بۆ سواڵی بەزەییت نەهاتووم،
بۆ هاوار لە دژی زۆرداری، خوا گەرووی پێ بەخشیم.
دەزانم دەگونجێ لە سۆنگەی هۆزانێ
زمانم بخەیە بەر سەگێ
وەلێ تا زمانم بگەرێ، دەڵێم نا.
هەندێ جار دەروونت هەواری دووپشکە و  درندەش هێندەی تۆ
تامەزرۆی خوێن نییە.
دەخوازم ئاسمانی دەروونم هەمیشە ساماڵ بێ،
تا رۆحم بکەمە هۆنراوە و بیدەمە دەست شەماڵ،
بۆ ئەوەی نێو دڵت رۆشن بێ، دەبێ من داگیرسێم.

* کاریگەرێتیی شاعیری تورکمانستانی ‹شیراڵی نوورموورادۆڤ›ی لەسەرە.

Tidskriften 00tal s.105 nr. 2/3 Stockholm 2000